# گفتوگۆ لەگەڵ "ئەمیری حەسەنپور"

## وەرگێڕانی: وەلید عومەر



**پرسیار: چەپ لەم چەند دەیەیەی کۆتاییدا دۆخێکی قەیراناویی هەبووە. ئەم دۆخە تەنیا تایبەت نیە بە رۆژئاوا و لە ولاتانی رووڵەکەشە و گەشەسەندووشدا بەرِوونی دەبینرێت. لە ئەوروپا و ئەمریکا فیکر و پراکتیکی نیولیبرالّی بەتەواوی چەپی خستۆتە پەراوێزەوە و جیهانی سێیەمیش بۆتە مەیدانی فەندەمێنتالّیزمی دینی، پۆپۆلیزم، رەگەزپەرستی و دەمارگیریی ئەتنی و ئاینی. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجە، بەگشتی دۆخی ئێستای هێزە چەپەکانی ژێر هەیمەنەی نیولیبرالّیزم چۆن شیدەکەیتەوە؟**

**ئەمیر:** "هێزە چەپەکان" بەرەیەکی زۆر فراوان لە نەیارانی دۆخی هەنوکە و بالّادەست پێکدێنن- لە دیموکراتە شۆرشگێرەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ئەنارشیستەکان و سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان. ئەم هێزانە لە ١٥ی شوباتی ٢٠٠٣ گەورەترین جوولانەوەی نارەزایەتییان لەمێژوودا دژی دەستدرێژیی ئەمریکا بۆسەر عێراق خستەگەر و ملیۆنان کەس بەشدارییان لەم خەبات و بزاوتەدا کرد. ئەم هێزانە لە هەموو جێیەك، یان لە رێبەرایەتیکردنی جوولانەوە جۆراوجۆرەکاندا هەن یاخود هێزێکی چالاکن تێیدا- لە خەباتەوە دژی بەجیهانیبوونی سەرمایە تا دەگاتە خەباتی جووتیاران و کۆیلەکان لە هندستان و خەباتی ژنان دژی توندوتیژیی سیستەمی پیاوسالاری. بەلّام بۆ وەلّامدانەوەی ئەم پرسیارە، تەنیا ئاوڕ لە دۆخی بەشێك لەم هێزانە دەدەمەوە: بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.

کێشەی بنەڕەتیی ئەم بزووتنەوەیە، هەژموونی رەوتی نیولیبرالّی نیە. گەرچی ئاشکرایە ئەم هەژموونییە کۆمەلّێك کێشەی تایبەتی خولقاندووە و پێویستدەکات وەلّامبدرێنەوە. ئێمە لەبەردەم نەوەدەمین سالّیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرداین، ئەو شۆڕشەی کە بەهۆی سەرکەوتنی خۆیەوە، ئاسۆ و قۆناغێکی نوێی لە مێژووی جیهاندا کێشا و بەهۆی شکستی خۆیەوە ئالّۆزی، سەختی، و زەرووڕەتی خەباتی چینایەتیی دژ بە سیستەمی ڕزیوی چینایەتی هەلّمالّی. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ناکۆکی و دژیەکییەکانی سیستەمی سەرمایەداری تادێت توندتر دەبنەوە- دژیەکیی نێوان ئیمپریالیزم و خەلّکانی

ستەمدیدە، دژیەکیی نێوان چینی کرێکار و سەرمایەدار، دژیەکیی نێوان دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان و ئەو نەیارانەی کە زیادە و پاشماوەی ئەم سیستەمەن، بۆنمونە توندوتیژی باوکسالارانە دژی ژنان، لەناوچوونی بەرەبەرەی ژینگە، بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە فیودالّی و دەرەبەگایەتییەکان و سەرهەڵدانی کۆیلەداری، لەناوچوونی دێهاتەکان و گەشەی میترۆپۆل و شارەگەورەکان، بەرهەمهێنانی دەیان ملیۆن منالّی سەرجادە، بازگانیپێوەکردنی ملیۆنان ژن، بێماڵوحاڵبوونی زیاد لە ملیۆنێك هاوڵاتی لە شارە ئیمپریالیستییەکاندا، هەڵگیرساندنی جەنگ، دەستدرێژی بۆسەر ئازادییە مەدەنییەکان لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا، پەنابردنی ئەمریکا بۆ ڕفاندنی مرۆڤ، ئەشکەنجەدان، تیرۆرکردن و زیندانی نهێنی، گەشەی ڕۆژلەڕۆژی ڕەگەزپەرستی و ڕاسیزم، ناسیۆنالیزم، فاشیزم، میلیتاریزم و دەمارگرژییە ئەتنی و دینییەکان...بەکورتی بیلّێم: دوای ١١ـی سێپتەمبەر، بەشێك لە سەرکردەکان و ئایدۆلۆژیستەکانی دونیای سەرمایەداری(هەم ڕەوتی نیولیبرالّی جۆرج بوش و هەم باڵی "کرێکاری"ـی تۆنی بلێر لە ئینگلتەرا و هاوپەیمانەکانیان لە وڵاتانی تردا) گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی سیستەمەکەیان لە مەترسیدایە و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پیادەکردنی دەسەڵات دەڕۆن لەڕێگەی زۆرداریيەوە. ئەوان بەڕاشکاوی باسی ئەوە دەکەن تیرۆریزم مەترسیی سەرەکییە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستە دیموکراسی بوەستێنین، تەنانەت گەر بۆ ماوەی ٢٥ ساڵیش بێت.

ئاشکرایە کە توندبوونەوەی ئەم دژیەکییانە، لە هەموو لایەکەوە شەپۆلی بەرهەڵستیی خستۆتەگەڕ- لە هەرکوێ ستەم هەبێت، بەرهەڵستییش هەیە. بەڵام هەر بەرهەڵستییەك، چ پەرتەوازە بێت یان ڕێکخراو، ناتوانێت ڕەوتی ئەم ڕووداوانە بوەستێنێت یان بیگەڕێنێتەوە. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، کێشەکە کەمیی خەبات و ململانێ نیە بەڵکو لاوازی و سستیی سەرکردایەتییە. لێرەدا کێشەی چەپ و پێگەکەی لە دۆخی هەنوکەی دونیادا ڕووندەبێتەوە: ئەوەی پێویستە سەرکردایەتیکردنە، سەرکردایەتی بۆ ڕیفۆرم و چاککردنی دۆخە باڵادەستەکە نا، دۆخەکە قابیلی چاکسازی و چاککردن نیە، بەڵکو بۆ

وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەی ئەو کۆمەڵە هەلومەرجە مادی و کەلتوری و ئایدۆلۆژییەی کە ئەم دۆخە بەرهەمدێنێت و دێنێتەوە: سیستەمی لەمێژینەی چینایەتی.

هەموو هێزێك خوازیاری ئەوە نیە سیستەمی داڕزاوی چینایەتی و نوێترین فۆرمی کە سەرمایەدارییە، هەڵتەکێنێت. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ڕۆڵە مێژووییەکەی خۆی بە سەرەوژێرکردنی ئەم سیستەمە و بنیاتنانی دونیایەکی نویٚ دەزانێت، ئەمڕۆ لە پانتایی تیۆر و ئایدۆلۆژیادا لەبەردەم کۆمەڵێك گرفتی جدیدایە.

بزاوتی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستدا ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندی شۆڕش و گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی و پاشان دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سیاسیی بەدەستهێنا. بەڵام کۆی ئەم ئەزموونانە، لەوانە هەردوو ئەزموونی هێجگار گرنگی سۆڤیەت و چین، بە شکست کۆتاییانهات. دیارە شکستی ئەم شۆڕشانە مایەی حەپەسان نیە. ئابوریی سۆسیالیستی، بەپێچەوانەی سەرمایەدارییەوە کە بەشێوەیەکی خۆڕسکانە و لە درێژخایەندا لە هەناوی کۆمەڵگای فیوداڵی و دەرەبەگایەتییەوە سەری دەرهێنا، پێویستە هۆشیارانە، واتە لەسەر تێگەیشتنی درووست و بەرنامەی درووست و ڕێکخستنی درووست بنیاتبنرێت. ئەم پرۆسە پێچەڵپێچە، نەك تەنیا بە هەڵە، بەڵکو ڕووبەڕووی بەرهەڵستیی توێژەکانی ناوەڕاست و دژایەتیی نێودەوڵەتییش دەبێتەوە. هۆشیاربوونی بینای سۆسیالیزم، بەو مانایە دێت کە لە ڕەوتی شۆڕشی کەلتوریی چیندا جەختی لەسەرکرایەوە، حیزب و دەوڵەت هەردووکیان دوو دیاردەی کۆمەڵگای چینایەتیین. کۆمۆنیستەکان ناچارن بەم کەرەستەیەی دونیا کۆنەکە، دونیایەکی نویٚ بنیاتبنێن. ئەمە یەکێکە لە ناکۆکی و دژیەکییە زۆر جدی و ئاڵۆزەکان کە تەنیا ماوییەکان(شوێنکەوتوانی ماوتسی تۆنگ) لە تیۆر و پراکتیکدا ئاوڕیان لێداوەتەوە.

گەڕانەوەی سەرمایەداری لە سۆڤیەت، کە بەهۆی کودەتاکەی خرۆشۆفەوە لەساڵی ١٩٥٦دا بوو بە سیاسەتی ئاشکرای حیزب و دەوڵەت، بزاوتی کۆمۆنیستیی جیهانی هەژاند. حیزبی کۆمۆنیستی چین، بە سەرکردایەتیی ماوتسی تۆنگ، ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لە تێگەیشتنی پرسی گەڕانەوە و وەستانەوە بە ڕووی(سەرمایەداری)دا. ناتەبابوون

لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا، چەندساڵ دواتر جیابوونەوە لە بزووتنەوەی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە و ماو لە ساڵی ١٩٦٦دا بۆ بەرگرتن بە گەڕانەوەی سەرمایەداری، شۆڕشی کەلتوریی پرۆلیتاریای هەڵایساند. تیۆرە مارکسییەکە لە چوارچێوەی ئەم خەبات و ململانێیانەدا چووە ئاستێکی باڵاتر.

سەرەڕای دەسکەوتە زۆر گرنگەکانی شۆڕشی کەلتوریی چین، کەچی سەرمایەداری هەر گەڕایەوە بۆ چین(کودەتاکەی "پیادەڕەوانی سەرمایەداری" لەساڵی ١٩٧٦). ئەم شکستە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوە و پشێویی فیکری و خەت و پەیرەو و پرۆگرام. زۆرێك لە لایەنگرانی چینی کرێکار و شۆڕشی سۆسیالیستی لە سەرتاپای جیهاندا، تووشی نائومێدی و ڕەشبینی بوون. سەرکردەکانی سەرمایەداری لەناو حیزبدا، خۆشحاڵیی خۆیان دەرهەق بە گەڕانەوەی سەرمایەداری دەربڕی لەژێر ڕێبەرایەتیی کودەتاچییەکاندا و، کاتێکیش سیانزە ساڵ دواتر سیستەمی سەرمایەداریی دەوڵەتیی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات داڕووخا، بە شەوق و شادییەکی زیاترەوە شەپۆلی پروپاگەندەیان دژی کۆمۆنیزم خستەگەڕ. ئەوان سەرمایەداریی دەوڵەتی ناودەنێن کۆمۆنیزم و، باڵادەستی سەرمایەداریی تایبەتی بەسەر سەرمایەداریی دەوڵەتیدا دەخەنە جێی باڵادەستیی سەرمایەداری بەسەر سۆسیالیزمدا، و بانگەشەی ئەوەش دەکەن سەرمایەداری «کۆتایی مێژوو»ـە: سەرمایەداری قەدەر و چارەی لە چارەنوسراوی مرۆڤایەتییە! مرۆڤایەتی ناتوانێت سەرمایەداری تێپەڕێنێت!

ئەمڕۆ بۆرژوازی بەوپەڕی توندوتیژییەوە، دیکتاتۆرییەتی خۆی بەسەر جیهاندا پیادە دەکات و تێکڕای مرۆڤایەتیی ناچارکردووە لەگەڵ زۆردارییەکەیدا ناکۆك بێت. بەڵام هەندێك لە ڕەوتە چەپەکان، هێشتاش تیاماون لە هەندێك پرسی بنچینەیی وەك پەیوەندیی دیکتاتۆرییەت و دیموکراسی و بەتایبەت دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا تێبگەن. وەکو تیۆریستە بۆرژوازییەکان دیکتاتۆرییەت لە دیموکراسیەت جیادەکەنەوە و پێیانوایە دیکتاتۆرییەت دیکتاتۆرییەتە و دیموکراسییش دیموکراسییە و تەواو! لەوە تێناگەن دیموکراسیەت فۆرمێکە لە پیادەکردنی دیکتاتۆریەت. لەکاتێکدا کە

گۆڕانکاریی بەرچاو بەسەر سیستەمی ئابوریی دونیادا هاتووە، کەچی تێگەیشتنی زۆرێك لە بزاڤە چەپەکان دەرهەق بە گۆڕانکارییەکانی سەرمایەداری، هێشتا ناگاتە شیکردنەوە و تێگەیشتنی "لینین" بۆ ئیمپریالیزم. گەر نمونەیەکی تر بێنینەوە، ئەوا تێگەیشتنی حیزبە کۆمۆنیستەکان بۆ بزووتنەوەی ژنان، هێشتاش زۆر ڕووکەش و ئیکۆنۆمیستییە(ئابوریگەرا). ستەم و چەوساندنەوە تێکەڵدەکەن و ستەمی ژنان تەنیا بە دیاردەیەکی ئابوری و چینایەتی دادەنێن. زۆرێك لە پارتەکان، نەك هەر وەڵامی قۆناغی نوێ هێرشی تیۆری و سیاسی و ئایدۆلۆژییانەی بۆرژوازییان نەداوەتەوە کە پێی دەوترێت پۆستمۆدێرنیزم، بەڵکو خەمسارد و بێباکیش بوون.

پاش ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت، ئەو حیزبانەی کە لایەنگری ئەم بلۆکە بوون، یان لێکهەڵوەشانەوە یاخود بەهۆی گۆڕینی ناو و بەرنامەی خۆیانەوە وەکو بەشێك لە ڕێکخستنی بۆرژوازی یان کرێکاریی وڵاتەکانی خۆیان درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا. بەشێك لە نەیارانی ئەم بلۆکە، لە چەشنی ترۆتسکیستەکان، هێشتاش هەر ئامادەییان هەیە و بەبێ دەسکاریکردنی خەت و پەیرەو و پرۆگرام درێژە بە چالاکییەکانی خۆیان دەدەن-زیاتر لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا-. گەر ئینتەرناسیۆنالی سێیەم لە ساڵی ١٩١٤دا کۆتایی بە چالاکیی خۆی هێنابێت، ئەوا ترۆتسکیستەکان هێشتا ئینتەرناسیۆنالەکانی چوارەمی خۆیان پاراستووە، گەرچی بە تەحەدا و ڕووبەڕووبوونەوەیەك دانانرێن بۆ دونیای سەرمایەداری. پارتە ماوییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆشدارییانەی کە ماوتسی تۆنگ لەبارەی گەڕانەوەی سەرمایەدارییەوە دەیدا و بەهۆی تێگەیشتنی تیۆرییەوە لە ماهیەتی ململانێی چینایەتیی کۆمەڵگای سۆسیالیستی، کەوتنە بەربەرەکانێ لەگەڵ گەڕانەوەی سەرمایەداریدا و هەوڵیاندا تێگەیشتنی تیۆریی خۆیان بەرزبکەنەوە. ئەوان بۆ بنیاتنانەوە و سازدانەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، لەساڵی ١٩٨٥دا "بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ئینتەرناسیۆنالیستی"یان دامەزراند کە پێکهاتبوو لە حیزبە ماوییەکان. هاوکات حیزبە ماوییەکان لە پیرۆ و نیپاڵ، ڕێبەرایەتیی شۆڕشیان کردووە، گەرچی شۆڕش لە پیرۆ ڕووبەڕووی گرفتی پەیڕەو و پرۆگرام و پراکتیك بۆتەوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی

ئینتەرناسیۆنالیستی" تاکە ڕەوتی کۆمۆنیستییە کە نوێکردنەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی خستۆتە بەرنامەی خۆیەوە. ئەم نوێکردنەوەیە، هەموو لایەنەکانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و تەنانەت ئەپیستمۆلۆژیاش دەگرێتەوە. بەبڕوای ئەم بزووتنەوەیە، بەبێ بازدان و هەنگاونانێکی گەورە بۆ پێشەوە، ناتوانرێت دونیا کۆنەکە داڕووخێنرێت.

بەم جۆرە، لەکاتێکدا لەو دوو سێ دەیەیەی دواییدا، بەچۆکداهاتن(تەسلیمخوازی) و کڕنوشبردن بۆ دونیای کۆن تیۆریزەکراوە، بەتایبەت لە قاڵبی پۆستمۆدێرنیزم و سیاسەتی شوناسدا، ئینتیما و لادانەوە بە لای بەرهەڵستیدا بەرەبەرە پەرەدەسێنێت. توندوتیژیی سەرمایەداری، کە لەگەڵ کۆنەپەرستترین هێزەکانی دونیادا دەبێتە هاوپەیمان و هاودەنگ، هیچ ڕێیەك لەبەردەم ئازادیخوازانی دونیادا ناهێڵێتەوە جگە لە بەرگری و بەرخۆدان. بێدەنگی، پاشەکشە، خۆبەدەستەوەدان و سازشکردن پرۆسێسی سەرەکیی بارودۆخی جیهان نیە. ئێمە لەسەردەمی بەرهەڵستی و سەردەمی شۆڕشەکاندا دەژیین. بەداخەوە توخمە هۆشیاری و زەینییەکە لە توخمە عەینی و بابەتی و هەلومەرجە مادییەکە جێماوە. هەم لە پانتایی پراکتیك و هەم لە پانتایی فیکرییشدا پێویستمان بە بوێریی بەرفراوانە.

بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و زۆریشی ماوە ببیڕێت. لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەیەوە کە لە تێکشکاندنی فاشیزمدا گێڕای، جێی ڕێزی خەڵکی دونیا بوو. بەجۆرێك کە ئینتیما و لادانەوە بەلای کۆمۆنیزمدا، لە ئەورووپا و بەتایبەت لەناو ڕۆشنبیراندا بەڕادەیەك بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکای هێجگار ناڕەحەت و نیگەران کردبوو، و ڕێکخراوی "سی.ئای.ئەی"یش پرۆژەی ڕووبەڕوونەوەی ئەم ئینتیما و ڕووتێکردنەی خستەگەڕ(لەڕێگەی دامەزراندنی "کۆمیتەی ئازادی و کەلتوری"ـەوە). بەدوای گەڕانەوەی سەرمایەدارییەوە بۆ سۆڤیەت(لە ١٩٥٦) و لە چین(١٩٧٦)ـەوە و بەدرێژایی ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەلات، ڕەوتێك دەستی پێکرد کە بەپێچەوانەی

ئینتیمای ساڵانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم بوو: بێبایەخبوونی کۆمۆنیزم و هەڵگەڕانەوە لێی. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم ڕەوت و پرۆسێسە گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. تەنانەت کەسانێکی وەك چاڤێز لە ڤەنزوێلا خۆیان بە سۆسیالیست[دادەنا]. ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواش میراتە شۆڕشگێڕییەکەی مارکس و لینین و ماو، بە چاوێکی ئەرێنی و پۆزەتیڤەوە دەنرخێنن. بۆنموونە، سلاڤۆی ژیژەك جەختی لەسەر زەروورەتی درێژەدان بە ڕێبازە لینینی و ماوییەکە کردۆتەوە.

**پرسیار: ئەم بارودۆخە چ ڕەنگدانەوەیەکی لە هەڵوێست و [بۆچوونی] هێزە چەپەکانی ئێراندا هەبووە و ئەم هێزانە سەرباری ئەم هەلومەرجە جیهانییە بە دەست چ لاوازییەکەوە دەناڵێنن کە لە هەلومەرجی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبێت؟**

**ئەمیر:** چەپ لە هەر وڵاتێکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام دەتوانین ڕەوتی گشتیی ئەم بزووتنەوەیە لە تایبەتمەندییەکانی ئێراندا بەدی بکەین. شکستە یەك لەدوای یەکەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و لەئاستی ناوخۆیی وڵاتییشدا، هەروەها سەرکوتکردنی بەردەوامیش بۆتە هۆی پشێویی فیکری و ڕێکخراوەیی. لەم هەلومەرجەدا هەندێك کەس و ڕەوت کەوتوونەتە پەراوێزەوە، (انحطاطخواز) بوونە، ڕوویانکردۆتە ململانێ ئابورییەکان و هیوای خۆیان بۆ سۆسیالیزم دۆڕاندووە و هەوڵدەدەن بگەن بە دیموکراسیی بۆرژوازی. هیچکام لەمانە جێی سەرسوڕمان نیە.
خەبات لەپێناوی ئازادی، یەکسانی و عەدالەت و بەتایبەت لەپێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بێچەوساندنەوە و ستەمدا هەمیشە لە شێوەی زیگزاگ، کەوتن و هەڵسان، پێشکەوتن، پاشکەوتن و شکست و سەرکەوتندا چۆتەپێشەوە. لە هەرکوێ ستەم هەبێت، خەبات و ململانێش هەیە- ئەمە پرۆسەیەکە لە مێژووی ململانێی چینایەتیدا. ژمارەیەك هەن کە هەرگیز تەسلیمی بەدبەختی و دیلێتی نابن. ژمارەیەك کەسی وەك ئۆژین پوتیە، هۆنەرەوەی دەقی سروودی ئینتەرناسیۆنال، تەنانەت لە خراپترین هەلومەرجدا، واتە سەرکوتکاریی دڕندانەی کۆمۆنارەکان لە ساڵی ١٨٧١دا؛ نەك هەر هیوایان بۆ داهاتوو لەدەستنادەن و پشت لە ڕابردووی چینایەتی هەڵناکەن بەڵکو هێڵەکانی خەباتی داهاتووش دەکێشن.

ئەمڕۆ ڕەوتی توانەوەخوازی، ڕەشبینی و نوشووستی لاوازبووە و لە هەموو قوژبنێکەوە هەوڵ بەدی دەکرێت بۆ لەدایکبوونەوە. بە بۆچوونی من لە ئێرانیشدا، تەحەداکە لە کایەی فیکری و پەیڕەو و پرۆگرامدایە- واتە لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیادایە. ئەمڕۆ لە قاموسی سیاسیی ئێراندا "ئایدۆلۆژیا" بۆتە وشەیەکی نێگەتیڤ و نەرێنی کە مانایەکی خراپ و ناشیرینی هەیە. بەڵام ئایدۆلۆژیا، وێڕای سەرهەڵدانی هەندێك چەمکی وەك "گوتار"یش، هێشتا هەر زاراوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مرۆیی- هەم کۆمەڵگای هاوچەرخ و هەم کۆمەڵگای ڕابردووش. ئایدۆلۆژیا، دەزگای فیکریی چینێکە و هەموو چینەکان خاوەنی ئایدۆلۆژیای خۆیانن. ئایدۆلۆژیاکان یان باڵادەستن، یان دژی سیستەمی باڵادەستن، یان شۆڕشگێڕن یاخود کۆنەپەرست. کەسێك نیە ئایدۆلۆژیای نەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا، ئایدۆلۆژیاکان بەتەواوی لێکجودا نین و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. گۆڕانی چینی کرێکار بۆ چینێك کە بۆماوەیەك بگاتە دەسەڵات، بەبێ داڕشتن و فۆرمەلەکردنی ئایدۆلۆژیاکەی فەراهەم نەدەبوو و لەدەستدانی دەسەڵاتی ئەم چینەش لە هەر شتێکی تر زیاتر بەهۆی کاریگەری و دزەکردنی تیۆری بۆرژوازییەوە بوو بۆناو حیزب[ـەکەی].

گەرچی کەمن ئەو چەپانەی لەوە تێنەگەن «بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە، هیچ شۆڕشێك بوونی نابێت»، کەچی هێشتاش تێگەیشتنێکی درووست لەئارادا نیە دەرهەق بە گرنگیی ئەم حەقیقەتە باوە. ئەمڕۆ هەژاریی تیۆری، بەزەقی دەبینرێت. زۆرێك لە هەڵوێستە بۆرژوازییەکان، کە لە دێرزەمانەوە خەباتیان دژ کراوە، هێشتاش هەر ماونەتەوە. بۆنمونە، ئیکۆنۆمیزم(ئابوریگەرایی)، لە زۆرینەی ڕێکخراوەکاندا هەر هێڵی سەرەکییە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکارییدا تێکەڵدەکەن و ئەم دووانە بەیەکێك دەزانن و جیاوازیی بنچینەیی لەنێوان خەباتی سیاسی و ئابوریدا درکناکەن. ڕێکخستنە کۆمۆنیستییەکان کراونەتە پاشکۆ و شوێنکەوتەی ململانێی ئابوریی کرێکاران و تێناگەن لەوەی کە خەبات بۆ باشتربوونی هەلومەرجی کار(وەکو زیادکردنی هەقدەست و بیمەی بێکاری...) و خواستی یەکێتیی کرێکاری و سەندیکا ئەمانە هەموویان خەباتن لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و پەیوەندییەکیان بە سۆسیالیزمەوە نیە. هەندێك ڕەوتی وەك "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری" لەو پرەنسیپە تیۆرییە بێئاگان کە کرێکار بەزاتی خۆی کۆمۆنیست یان سۆسیالیست نیە و هەر لەبنەڕەتییشەوە هیچ مرۆڤێك "لە زاتی خۆیدا" هەڵگری هیچ ڕێبازێك نیە. سۆسیالیستبوون یان کۆمۆنیستبوون یاخود ئازادیخوازبوون شتێکە بەدەستدەهێنرێت

نەك زگماك و غەریزی و زاتی بێت. كرێكار گەر هۆشیاریی سۆسیالیستیی نەبێت، ئەوا لەڕووی فیكری و سیاسییەوە لە كەسێكی بۆرژوا زیاتر هیچی تر نیە. هۆشیاریی سۆسیالیستییش لە هەناوی خەباتی ڕۆژانەی كرێكارانەوە دژی سەرمایەداران هەڵناقووڵێت. بزووتنەوەی خۆڕسكی كرێكاران، بزووتنەوەی داواكارییە ئابورییەكان، بریتییە لە ئالوویرێكی بۆرژوازییانە بۆ ئەوەی هێزی كار بە نرخێكی باشتر بفرۆشێتە سەرمایەدار. پێگەی مێژوویی چینی كرێكار، وەكو چینێك كە مرۆڤایەتی ڕزگاردەكات، لەوەدا نیە كە لە كارگەكاندا گیاندەدات و دەچەوسێنرێتەوە. هەر لەبنچینەوە، بەپێچەوانەی تێڕوانینی ئیكۆنۆمیستەكانەوە، كارگە شوێنێكی [نەگۆڕ] و پیرۆز نیە. ئامانجی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی ئەوەیە كە ئەم پەیوەندییانە و ئەم شوێنی چەوساندنەوەیە لەناوببات.

ئیكۆنۆمیزم تەنیا یەكێكە لەو هێڵانەی كە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی دەگۆڕێتە سەر ڕەوتێكی ڕیفۆرمیستیی بۆرژوازی. ئەم هێڵە لە هەموو بوار و ئاستەكاندا، بزووتنەوە جۆراوجۆرەكان دەگۆڕێت بۆ زیادە و پاشماوەی ململانێی ئابوریی كرێكاران. بۆنمونە، ئیكۆنۆمیستەكان، بڕوایان بە جیاوازی و جیاكاری نیە لەنێوان چەوساندنەوە و ستەمدا(ستەم دژی ژنان یان ستەمی نەتەوەیی و...) و پێیانوایە ستەمی پیاوسارانە تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی كرێ و هەقدەستی كرێكاری ژن لە كرێكاری پیاو كەمتربێتەوە. ئەم جۆرە كورتكردنەوەیەی ستەم بۆ چەوساندنەوە، هیچ نیە جگە لە سوزدەبردن بۆ سیستەمی لەمێژینەی پیاوسالاری و هاوكاتیش تێگەیشتنێكی زۆر ساویلكانە بۆ پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنان و چەوساندنەوە و فۆرماسیۆنی ئابوری/سیاسی. زۆرینەی ڕێكخراوە چەپە ئێرانییەكان، سۆسیالیزم بە هاوتا و موورادیفی كرێكار و كرێكاربوون دەزانن و پێیانوایە گەر وشەی كرێكار بلكێنن بزووتنەوەی كۆمۆنیستی یان خوێندكاری یان ژنانەوە، یان گەر كرێكاران لەم بزووتنەوانەدا ئامادەییان هەبێت، یاخود گەر ئەم بزووتنەوانە دوای خەباتی ئابوریی كرێكارن بكەوێت ئیدی بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی خەسڵەتی سۆسیالیستی یان كۆمۆنیستی وەردەگرن.

بزووتنەوەی چەپ بەم دونیابینییەوە هەرگیز لە دەروازەی شۆڕشێكی سۆسیالیستی نزیك نابێتەوە، بەڵكو كڕنوش بۆ مینبەرێكی بۆرژوازی دەبات. ڕێگەچارەی ئەم بەرەودواچوونە بریتییە لە خەباتی تیۆری/سیاسی و ئایدۆلۆژی پێكەوە. ئەویش بەو جۆرەی كە جورئەتی دابڕانی هەبێت لە ئایدیا و بیرۆكە كۆنەكان و، لە هەردوو شۆڕشی گەورەی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ و ١٩٤٩ـەوە شت فێربێت، بەتایبەت لە شۆڕشی

کەلتوریی چینەوە. هەروەها هێڵێك بکێشێت بەدەوری ناسیۆنالیزم و ئیکۆنۆمیزم و پیاوسالاری و سیاسەتەکانی تر و ئایدۆلۆژیاکانی چینە چەوسێنەرەکاندا.

**پرسیار: چەپ لە کوردستاندا، بەردەوام کێشەی بۆ هەژموونی "ڕاست" درووستکردووە و لە گۆڕانکارییەکانی کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە، فیکر و ڕەوتەکانی چەپی کوردستانی ئێران لە ئێستادا چۆنە؟**

**ئەمیر:** چەپ لە کوردستانی ئێراندا، لە شێوەی ڕێکخراوێکدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی "کۆمەڵە"دا هاتە ناو کایەی سیاسەتەوە. دیارە لە سەردەمی شۆڕش[ی ئێران]دا ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکوانانی سیاسی چوونەپاڵ ڕێکخراوە سەرتاسەرییە چەپەکانی دیکە و دەبێت ڕێکخراوەکانی تریش بەبەشێك لەم مێژووە بزانین. "کۆمەڵە"، دوای سێ دەیە ئامادەیی پاوانخوازانەی حیزبی دیموکرات، بەشێوەیەکی بەرچاو سیمای سیاسیی کوردستانی گۆڕی. حیزبی دیموکرات، کە بە بڕوای من هەرگیز نەچووبووە پاڵ جەمسەری چەپ، لەگەڵ سەرهەڵدانی "کۆمەڵە" و بەجەمسەربوونی سیاسیی کوردستاندا، بەبێ نمایش و پەردەپۆشی چووە پاڵ جەمسەری ڕاست. ڕاستڕەوبوونی حیزبی دیموکرات و چەپبوونی کۆمەڵە، لە هەموو پانتاییەکاندا و بەتایبەت لە مامەڵەیاندا لەگەڵ شۆڕش، بزووتنەوەی جووتیاران، کرێکاری، ژنان، پرسی نەتەوەیی، بلۆکی سۆڤیەت و ڕیڤیزیۆنیزمی خرۆشۆفی، هاوپەیمانی و هەڵوێست و چالاکییە ڕۆژانەییەکانیان بەدەزگایی کرا.

لە پەیوەند بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانیشەوە، دەتوانین کۆمەڵە بە وەرچەرخانێکی "نەوعی" و چۆنایەتی بزانین، ئەویش بەو مانایەی کە بۆ یەکەمجار ڕێکخراوێك هاتە ناو خەباتەوە کە پرسی نەتەوەیی لە دیدی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە خستەڕوو و، دژی عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتی وەستایەوە و تەنانەت لە ئاستێکی سنوورداریشدا، ئاوڕی لە بێدارکردنەوەی سیاسیی ژنان دایەوە. ئەوەی کە پراکتیکی کۆمەڵەی سنووردارەکرد و دەیتوانی ئەم ڕێکخستنانە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەرەو باڵی ڕاستڕەوی نەتەوەیی پەلکێش بکات، بەرتەسکی و سنوورداریی

تیۆری و ئایدۆلۆژی بوو. گۆڕانێکی لەم جۆرەش لە کوردستانی عێراقدا ڕوویدا. کۆمەڵەی مارکسی/لینینی کە دوای ساڵی ١٩٧٥ ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا لە بەرپاکردنی خەبات دژی ڕژێمەکەی سەددامدا، لەجیاتیی کێشانی نەخشەڕێگایەکی تەواو جیاواز لەڕابردوو، واتە پەیڕەو و پرۆگرامی پرۆلیتاریا، کەچی چووە ژێر ئاڵا و بەیداخی ناسیۆنالیزم لە "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"دا و، دواتریش وردەوردە پاشەکشەی لە کایەی تیۆری کرد و، گۆڕا بۆ "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" و پاشان لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا توایەوە. بەڵام کۆمەڵەی ئێران ڕێگایەکی تری گرتەبەر.

واباشترە سەرەتا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتدا، لە هەلورمەجێکی شیاودا کە شۆڕشی ئێران ڕەخساندبووی، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. لەناو خەڵکانی زەحمەتکێش و ڕۆشنبیراندا کەوتە سەرپێ و بووە جێی ڕێزی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست و غەیرەکۆمۆنیستیش لە سەرتاپای ئێراندا. ئەم گەشە و پشکووتنە، ئەم گۆڕانەی گرووپێکی بچوك بۆ ڕێکخستن و بۆ بزووتنەوەیەکی گەورە، بێگومان لە ڕادیکاڵیزمی سەرکردەکان و دامەزرێنەرانیەوە سەرچاوەی دەگرت لە پانتایی پراکتیك و کردار و پانتایی خەباتی ڕۆژانەشدا. بەڵام کردار جیا نیە لە گوفتار و تیۆر. لە کایەی تیۆرییشدا، کۆمەڵە ناکۆك و نەیار بوو لەگەڵ هێڵی حیزبی "توودە"، ڕیڤیزینیزمی خرۆشۆفی و ناسیۆنالیزمی تەقلیدی و عەشیرەتی و خێڵەکیی کورددا، و هاوکات لەژێر کاریگەریی ماویزمدا بوو و ڕەخنەشی لەو ڕەوتانە هەبوو کە پەیڕەو و خەتێکی پارتیزانەیان هەیە. بەم جۆرە جێی سەرسوڕمان نیە کە کۆمەڵە لە ماوەی کورتی نێوان ١٩٧٩ و ١٩٨١دا بوو بە ئەڵتەرناتیڤێك لەبەرامبەر حیزبی دیموکراتدا، ئەو حیزبەی کە زیاد لە سێ دەیە پێشینەی هەبوو و "تاقانەبوون" و ڕەوایەتیی خۆی بەو ئیعتیبارە پاساودەدایەوە کە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان(کۆماری مەهاباد)دا هەیبوو.

گەر بە چاوێکی دیالەکتیکییەوە ئەم گۆڕانکارییانە بخوێنینەوە، ئەوا دەبینین دژیەکیی نێوان گوفتار و کردار، تیۆر و پراکتیك، ئاگایی و مادە، خود و بابەت(سوبێکت و ئۆبێکت)، هەر لەسەرەتاوە چارەنووسی کۆمەڵەی دیاری دەکرد. جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانە لەوپەڕی خۆیدا بوو، بەڵام هۆشیاریی کۆمەڵە و هێڵە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی، لەوە جێدەما. گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی وڵات و ناوچەکە و هەبوونی وچان و وەستانیشدا، بە خێراییەکی کەموێنەوە دەگوزەرا. گەر کۆمەڵە هێڵێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیی درووستی هەبوایە، ئەوا دەیتوانی ڕەوتی مێژووی ناوچەکە

بگۆڕێت. کۆمەڵەی عێراقیش، گەرچی لە هەلومەرجێکی جیاوازدا بوو، ئەو دەرفەتە مێژووییەی هەبوو کە کوردستانی عێراق بکاتە شوێنگەی شۆڕش لە ناوچەکەدا و حکومڕانیی پرۆلیتاریا بەرقەرار بکات، بەڵام ئەمڕۆ کوردستانی عێراق و سەرتاپای وڵاتەکەش بۆتە پێگەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕەوتە کۆنەپەرستە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان.

بەهەرحاڵ، لە کۆمەڵەی ئێراندا، جێمانی زەین لە هەلومەرجی بابەتی، و جێمانی تیۆر لە پراکتیك وزە و پۆتانشیێلی مێژوویی ئەم ڕەوتەی سنوردار دەکرد. دەتوانین بڵێین، دەوڵەمەندیی پراکتیك لەگەڵ هەژاریی تیۆریدا، لە شێوەی یەکبوون و ململانێی دژەکاندا، بوونی کۆمەڵەی پێکدەهێنا.

یەکێك لە ڕێگرە تیۆرییەکانی کۆمەڵە، لە سەرەتای چالاکییەکانیدا، خۆشاردنەوە و خەباتی ژێرزەمینیی زیادەڕۆیانە بوو. ئەویش لە هەلومەرجێکدا(پایزی ١٩٧٩ کە ڕژێمی شا و [دەزگای سیخوڕیی] ساواك لە سەرەولێژی کەوتندا بوون و، لەوەش خراپتر، پاش ڕووخانی ڕژێم تا کۆتایی (مردادی ١٣٥٨) ئەم خۆشاردنەوەیە هەندێك دەرەنجام و پاشهاتی زۆر نەرێنیی لێکەوتەوە. لەوانە، هێشتنەوەی بەرخۆدانی خەڵك بەبێ سەرکردە، ئەویش خەڵکێك کە بەدوای سەرکردەوە بوون و کۆمەڵە خۆی لێ دەشاردنەوە و بەم جۆرە لە باکوری کوردستان مەیدانەکەی بۆ حیزبی دیموکرات چۆڵکرد. گرفتێکی تری کۆمەڵە بریتیبوو لە ئەزموونگەراییەکی زیادەڕۆ و پێیوابوو کۆمەڵانی خەڵك و زەحمەتکێشان تەنیا لەڕێگەی خۆیانەوە دەتوانن هۆشیاری بەدەست بێنن و، نابێت ڕێکخراوی سیاسی و سەرکردایەتی، لە ئاستی هۆشیاری و چاوەڕوانییەکانی خەڵك و داواکانی جەماوەر تێپەڕێت. کۆسپێکی تر، ئیکۆنۆمیزمی زیادەڕۆیانە بوو، واتە ئەو هێڵەی کە چینی کرێکار لەبری بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، هانیدەدات بۆ خەباتی ئابوری و ڕۆڵی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی لە ڕێکخستنی ئابوریدا بەرتەسك و سنوردار دەکات. ئیکۆنۆمیزم، تێنەگەیشتنە لەوەی کە سەرمایەداری لەڕێگەی دەسەڵاتی سیاسییەوە حکومڕانی دەکات، نەبینینی ئەو ڕاستییەیە کە پێویستە سەرەتا پرۆلیتاریا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست تا بتوانێت لە پانتایی ئابوریدا بەسەر سەرمایەدارییدا زاڵ ببێت و لەپاش گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسییش-بەبێ دەستێوەردانی هۆشیارانە لەڕێگەی سەرخانەوە- و بەبێ پیادەکردنی دیکتاتۆرانەی چینەکەی خۆیەوە ناتوانێت ژێرخانی ئابوری بگۆڕێت و کۆمەڵگا و ئابورییەکی سۆسیالیستی بنیاتبنێت. بەم جۆرە، هێڵە ئیکۆنۆمیستییەکە، تەواوی

توخمە ڕیفۆرمیزمەکە دەگرێتەوە. لە کۆمەڵەدا، ڕیفۆرمیزم، لە کایەی تیۆر و زەیندا، هەم کۆکن و هەم دژی ڕادیکاڵیزم لە کایەی پراکتیك و هەلومەرجی بابەتیدا. لە خەسڵەتەکانی تری زەینی کۆمەڵە، دژایەتیکردنی تیۆر بوو. کۆمەڵە تیۆری لە پراکتیك جیادەکردەوە و بەشێوەیەکی دوانی و دوالیستی دەیخستنە دوو جەمسەری جوداوە و لەبەرامبەری یەکتری دەنان. بڕوای وابوو هیمەتی شۆڕشگێڕانە و "ڕاستگۆیی شۆڕشگێڕانە" دەبێتە ڕێپیشاندەری پراکتیك و ئیشی ڕۆشنبیران بێکرداری و خۆدوورگرتنە لە کردار.

وێڕای ئەمە و بەهۆی ئەو توندییەی لەنێوان گوفتار و کردار و تیۆر و پراکتیکدا هەبوو، کۆمەڵەی ئێران بەپێچەوانەی کۆمەڵەی عێراقەوە هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا و هەوڵیدا ببێتە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی سەرتاسەری. ئەم پرۆسەیەشی بەهۆی یەکبوون لەگەڵ ئەو گرووپەدا دەستپێکرد کە ناوی "اتحاد مبارزان کمونیست" [یەکێتیی خەباتگێڕانی کۆمۆنیست] بوو، یەکگرتنێك کە پتر ڕێکخراوەیی بوو تا پەیڕەو و پرۆگرام و تاڕادەیەکیش وەڵامێکی دەمودەست بوو بۆ ئەو زەروورەتەی کۆمەڵە کە دەیویست سەرتاسەری بێتەوە و ئاوڕ لە پرسە تیۆرییەکان بداتەوە.

گەر ئیکۆنۆمیزم و ئەزموونگەرایی و پراگماتیزم(کردارگەرایی) لە خەسڵەتەکانی خەتی کۆمەڵە بوون، " اتحاد مبارزان کمونیست" ئەم خەتەی فۆرمەلەکرد و ناوینا "مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە"، خەتێك کە نە مارکسی بوو و نە دەشیتوانی شۆڕشگێڕانە بێت. " اتحاد مبارزان" چووەپاڵ کۆمەڵە، ناوەکەی خۆی لەدەستدا و ناوی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"ـی بۆ تەشکیلاتە نوێیەکانی خۆی هەڵبژارد. بەڵام پەیوەندیی دەسەڵات نایەکسان و ناهاوسەنگ بوو. کۆمەڵە، ناو و سەربەخۆیی خۆی پاراست. بەڵام گەر یەکبوونەکە، یەکبوونێکی ڕێکخراوەیی بووایە، ئەوا زەمینە و ژێرخانەکەی، دەبووە هاوخەتیی هەردوو ڕەوتەکە. بەر لە یەکگرتن و بەر لە هەر تەماس و پەیوەندییەك، هەردوو ڕێکخراوەکە کۆك بوون لەسەر جیاکردنەوەی تیۆر و پراکتیك. گەرچی " اتحاد مبارزان" هەقی بەسەر خەباتی پراکیتکییەوە نەبوو و ئیشەکەی تەنیا نوسینی نامیلکە بوو، بەڵام کۆمەڵە هەقی بەسەر تیۆرەوە نەبوو و نوقمی خەباتی پراکتیکی بوو. لەپاش یەکگرتنیش، ئەم دابەشکردنەی ئیش‌وکار هەر درێژەی هەبوو: ئیشی تیۆری لە ئەستۆی "اتحاد مبارزان" بوو و، بەرپرسیارێتیی کۆمەڵەش لە مەیدانی پراکتیکدا بوو. بەڵام ئەوەی ئەم جوداییەی گۆڕی بۆ یەکبوونی تیۆر و پراکتیك، ئیکۆنۆمیزمی هەردوو ڕەوتەکە بوو کە سەرەنجام سازشکردن لەسەر سەرەکیترین

مەسەلە تیۆرییەکان بووە هۆی دروستبوونی خەتێکی نوێ: ئەو خەتە نوێیەی کە بۆچوونە دژەمارکسییەکانی مەنسور حیکمەتی لکاندە هەڵوێستە مارکسییە لینییە ماوییە زۆر کاڵوکرچەکەی کۆمەڵەوە. گەرچی کۆمەڵە توانیی سەربەخۆیی رێکخراوەیی خۆی بپارێزێت[...]، کەچی لە پانتایی خەتی سیاسی و ئایدۆلۆژییدا خۆی دایە دەستی حیکمەتیزمەوە. لە پرسی جووتیارانەوە بیگرە تا پرسی نەتەوەیی، لەوێشەوە تا درککردنی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، کۆمەڵە بانگەشە دژەمارکسییەکانی حیکمەتی قبوڵکرد- بەبێ هیچ مشتومڕ و جەدەلێك و بەبێ ململانێی تیۆری و ئایدۆلۆژی و بەبێ بەرهەڵستی.

لە خەسڵەتەکانی ئەم خەتە، کۆڵیکردن بوو لە گەشە و پەرەسەندنی مارکسیزم(لەدوای مارکس)، نکۆڵیکردن لە هەبوونی بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستیی جیهانی، بەمارکسی نەزانینی هەردوو باز و بزاوتی مارکسیزم/لینینیزم و ماویزم و تێکەڵکردنی مارکسیزم لەگەڵ حیکمەتیزم و ئەو مارکسەشدا کە دیموکراتێکی شۆڕشگێڕ بوو و هێشتا نەگەیشتبووە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. لینینیش، تا ئەو ئاستە پەسەندە کە چالاکوانێکی سیاسییە و رێبەرایەتیی شۆڕشی سیاسیی کرد بەڵام نەیتوانی بیگەیەنێتە سەرکەوتن. لە دیدی ئەوانەوە، لینین هیچ خزمەتێکی بە تیۆرە مارکسییەکە نەکرد، نە لە فەلسەفەدا و نە لە ئابورییدا، تەنیا لە سیاسەتدا خاوەنی ڕا و قسە بوو. لەبارەی بزاوتی دووەمی تیۆرە مارکسییەکەشەوە، مەنسور حیکمەت وەکو ڕۆژنامەنوسە بۆرژواکانی ڕۆژئاوا، بە چاوێکی ئەوروپاسەنتەر و ناسیۆنالیزمێکی ڕەگەزپەرستانەی ئێرانییەوە، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی دادەنا و ڕێبەرەکەشی واتە ماوتسی تۆنگ، بە "جووتیار"ێك دەزانێت.




ناتوانین ئەم هەڵوێست و بۆچوونانە تەنیا وەك خۆبەزلزانینی شەخسییانەی حیکمەت یان پیرۆزکردنی شوێنکەوتوانی ڕوونبکەینەوە. ئەم مامەڵەیە لەگەڵ پرۆلیتاریادا، کە لە سەدەی بیستەمدا هەردوو شۆڕشە سۆسیالیستییە گەورەکە و چەند شۆڕشێکی تر ڕێبەرایەتییان دەکرد، مامەڵەیەکی چینایەتییە و ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر ئەنتیکۆمۆنیزمی بۆرژوازیی ڕۆژئاوایی و ناسیۆنالشۆڤێنیزمی ئێران. هیچ توخم و ڕەگەزێك لە خەتەکەی حیکمەتدا تازە نیە و چەندین دەیەیە لە ئەدەبیاتی ئەنتیکۆمۆنیزمی ڕۆژئاوا و ڕیڤیزینیستە خرۆشۆفییەکان و ڕەوتە ترۆتسکیستەکاندا بەشێوەیەکی ناقۆڵا و گوێدڕ دەوترێتەوە.

نەیارانی کۆمۆنیزم، بە ئەکادیمی و نائەکادیمییەوە، چەندین دەیەیە کە بۆ ڕەتکردنەوەی کۆمۆنیزم مارکس بە ماقووڵ و عەقڵانی و تێگەیشتوو باسدەکەن و لینین بە ناماقووڵ و پەڕگیر و لادەر لە مارکس ناوزەد دەکەن و دەڵێن جگە لە چالاکوانێکی شۆڕشگێڕ هیچی تر نەبووە. کاتێکیش دەیانەوێت ماویزم ڕەتبکەنەوە، لینین بە ماقووڵ و ماو بە ناسیۆنالیست و نەفام و پەڕگیر باسدەکەن. خۆ ڕاستە کە حیکمەت بە ڕەتکردنەوەی لینین و ماو و باقیی سەرکردەکانی تر و تیۆریستەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، خۆی

دەخاتە جێی مارکس و شوێنکەوتووانیشی بەشێوەیەکی ساویلکانە ئەو بە گەورەترین مارکسیی دوای مارکس دادەنێن، بەڵام ئەم هەڵوێست و بۆچوونە(واتە ئەم پشتکردنە لە ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی و دەسکەوتە تیۆرییەکانیان) هەڵوێستێکی چینایەتیی [بۆرژوازییە] نەك وڕێنەکانی کەسێکی خۆپەرست: ئەمە بۆچوونێکی بۆرژوازییە- بۆچوونی ناسیۆنالیستی دژی ئینتەرنایۆنالیزمی پرۆلیتاری.

دانانی مەنسور حیکمەت لەجێی مارکس و حیکمەتیزمیش لەجێی مارکسیزم/لینینیزم/ماویزم، تەنیا خۆبەزلزانینێکی شەخسی و تاکەکەسی نیە، خۆبەزلزانینێکی چینایەتییە، خۆبەزلزانینێکی بۆرژوازییانە. دەکرێت بپرسین چۆن دەبێت کەسێك جگە لە حیکمەت، لە مارکس و مارکسیزم تێنەگەیشتبێت؟ ئەم مارکسیزمە چ ڕاز و نهێنییەکە کە تەنیا حیکمەت دەتوانێت سەری لێدەربکات؟

کورت و پوخت بیڵێم، گەرچی حیکمەتیزم لە ئاستی خەت و پەیڕەودا تێگەیشتنە ناتیۆرییە ڕادیکاڵەکەی کۆمەڵەی شێواند و تێکەڵوپێکەڵەیەك لە ئیکۆنۆمیزم و ترۆتسکیزم و کرێکاریزمی خستەجێی، کەچی لە پانتایی کرداریشدا، لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا کۆمەڵەی تووشی ژمارەیەك شکستی یەکلەدوای یەك کرد، پاشانیش بەهۆی لەدەستدانی ناوچە ئازادکراوەکانەوە دووچاری نائومێدی و سەرلێشێوان بوو و لەوپەڕی دەستەوەستاندا دەستی دایە تواندنەوەی بزووتنەوەکە و ڕێکخراوەکە. بیانووە تیۆرییەکە ئەوە بوو کە کارگە شوێنی کۆمۆنیستەکانە نەك شاخەکان. بەڵام لەجیاتیی ڕێکخستنی ڕێپێوانی گەورە لە شاخەوە بۆ کارگەکانی ئێران و کوردستان، بەشێوەیەکی چالاکانە دەستی دایە تواندنەوەی ڕێکخراوەکە و فرین بەرەو ئەوروپا.

ئەمڕۆ دوو ڕێکخراو کە بەئاشکرا لایەنگری حیکمەتن نوقمی ئیکۆنۆمیزم و ڕیفۆرمیزم و ناسیۆنالیزمی ئێرانیین و بەردەوامی دەداتە «حیزبی کۆمۆنیستی ئێران»(کۆمەڵە) و خەتی حیکمەت(بەر لە جیابوونەوە). هەندێك لە ئەندامان و ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەیانەوێت ئەم ڕێکخراوە بتوێتەوە و کۆمەڵە زیندوو بکەنەوە. لەوەی تا ئێستا ڕوویداوە، دەتوانین مەزەنەی ئەوە بکەین کە ئەم دژایەتییەش، وەکو دژایەتییەکانی پێشووی ناو ڕێکخراوەکە، وەك شێوازێکی ڕێکخراوەیی دەتوێتەوە نەك خەتی و جیابوونەوە(انشقاق)ـە تازەکە ناگاتە هیچ دەرەنجامێکی ئەرێنی و ئیجابی و پرۆسەکە هەروا لە داهاتوودا دووبارەدەبێتەوە. کەسە چالاکەکانی ئەم حیزبە، چ ئەوانەی داکۆکی لە زیندووکردنەوەی کۆمەڵە دەکەن و چ ئەوانەشی کە داکۆکی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەن، بەدرێژایی ژیانی سیاسیی

خۆیان لە خەباتە پراکتیکییەکاندا جورئەت و بوێرییەکیان پیشانداوە کە جێی ستایشە. دەبێت بزانین ئاخۆ ئێستا ئەم جورئەتە دەدەنەوە بە خۆیان کە زنجیرەکانی پەیڕەو و پرۆگرام(خەت) بپسێنن و بە چاوێکی کراوەوە سەیری پرۆلیتاریا و دۆخی هەنوکەی جیهان و ئامانجی ئایندە بکەن؟ ئایا دەوێرن لەبری پشتهەڵکردن لە لینینیزم و ماویزم، چارەنوسی ئەم بزووتنەوەیە چارەنوسی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و پەکەکەش بێت؟

سەرچاوە:
www.kargaran-iran.com